# کورد لە بەردەم هاژەی دەریادا



**تیشکۆ زەند**

بەشی پێنجەم، کۆتایی قۆناخی یەکەم.

پێکهاتەی دەرئەنجام بۆ پرۆسەی دروستکردنی بڕیاردانی سیاسی، دەبێت:

1- پارێزگاری لە یەک ڕیزی و تەبایی.

2- دورکەوتنەوە لە ناکۆکی.

3- پرۆسەی دروستکردنی بڕیاردانی سیاسی. پلان

4 - نەخشە ڕێگای کارکردن بۆ سەرکەوتن. ( ئەمەیان کرۆکی باسەکەیە بۆ پێکەوە ژیان) لە هەموو کۆمەڵگایەکی پڕ لە شارستانی بۆ کاری دەوڵەت و بۆ بەرژەوەندیە باڵاکانی نیشتمان یان کۆمپانیایەکی گەورەی وەبەرهێنان و... هتد، ئەم کارە کاریی دەستەی

هەرەوەزیە کە دەبێت بۆ هەر بەشێکی چەندین پرس و تەوەر بگرێتە خۆ، بۆ خەمڵاندنی باشتر و تێروتەسەل کردنی پلانەکە کە بتوانرێت شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی باشتری بۆ بکرێت، گریمان ئێمە بۆ ئەم باسە لەسەر بەرژەوەندیە نیشتمانیەکان دەئاخاڤین یان شیکردنەوەی تەواو بۆ ڕاڤەکردنی کۆنسێپتی هەموو بۆچوونەکان دەکەین، دەبێت ژیرانە و بوێرانە کۆنسێپ تەکە لە بێژنگ بدەین بۆ ئەوەی بەرهەمێکی پاکی لێ گەڵاڵە بکەین، کە پێشهاتەکانمان بۆ لە بێژنگ بدات بە ئەرێنی و لە خاچدانی خوێندنەوەی سیاسیمان، کە هەموو کارێک دەکرێت بۆ قازانجە نەتەوەیاتیەکە، بە کەمترین زیان و بە باشترین دەسکەوت ئەژمار بکرێت بۆ بەرژەوەندیە باڵاکانی نیشتمان کە پێش ئەوەی کار لە کار بترازێت.

نموونەیەک:

**Threats and Opportunities (Versus) Strengths and Weaknesses**

**مەترسی و دەرفەتەکان (بەرامبەر) بە بەهێزیی و خاڵە لاوازەکان.**

بەواتایی ئەوە دێت، ئەوەیی ئێستا بۆ کورد هەڕەشەیە بۆ دووژمن بۆتە دەرفەت، وە ئەگەر هات و بۆ کورد دەرفەت بێت بۆ دووژمنەکانمان دەبێتە هەڕەشە، ئەم تێرمەلۆژیە سیاسیە و سەربازییە بەرامبەر بە چی دێت، ئەوەیی بۆ کورد دەرفەت بێت دەبێتە خاڵی بە هێزیمان بۆ ئێمە (ئێمە ئێستاکە لەبەردەم ئەو دووڕیانەداین و دەشبێت خۆشمان ساغ بکەینەوە) وە پێچەوانیەکەشی خاڵی لاوازییەکانمان دەبێتە دەرفەت بۆ دووژمنەکانمان ( کە ئێمەی کورد ئێستا لەو پرۆسەیەداین) جا بۆیە دووژمنەکانمان هەمیشە بە دووایی بچوکترین خاڵی لاوازیمان دەگەڕێن، بۆ پەرپەرچدانەوەی ئەو بیرۆکەیە دەبێت، ئاشتەوایی و ڕێکخستنی نێوماڵی خۆمان بپارێزین بۆ ئەوەی کەهەموو

پرسیارە بێ وەڵامەکان؛ وەڵام بداتەوە و گرێی هەموو کۆسپە ئاڵۆزیەکان بڕەوێنێتەوە، یان نێگەتیڤیانە خۆمان دەخەینە بەر قەدەری ڕۆژگار، هەر وەک جاران نەیار و دووژمنەکانمان چۆن ڕۆڵی پاپێیمان پێدەبینن.

من نامەوێت لەوە زیاتر لە باسەکەم دووربکەومەوە ئەگەر چی زۆر لەوە زیاترم پێیە کە ڕوونتر بچمە ناو تەوەری باسەکانەوە، بەڵام بۆ من ئەمە کورتە باسێکە یان تەوەرێکە کە خوێنەری کوردی لێ بە ئاگابێت و لە هەمان کاتیشدا خوێنەری کورد حەزیان بە بابەتی دوور و درێژ و بێ سوود نیە، ئەگەر خوێنەر بە زوویی نەچێتە ناو باسەکەوە ئەوە پێیدەڵێن کات کوشتن، بۆیە من نامەوێت کاتی خوێنەری بەڕێز بە خۆڕا لەدەست بدەم و ئەوەی هەمە و نیمە ئەم نووسینە کورتەیە لە دنیای گۆڕانکاری و بەرژەوەندیە نیشتمانیەکەدا، کە چۆن سەروەتی وڵات بە گەڕ دەخرێت بۆ باشترکردنی ئابووری وڵات و بۆ بەهێزترکردنی سوپایەکی تۆکمە، لە هەمانکاتیشدا دەتوانین پارێزگاری بەرژەوەندی باڵای وڵاتی پێبکەن بۆ بەرزی شکۆی وڵات، دەبێت تۆش بزانی پلان و بەرنامەی ئەوان چی یە و تۆ وەک تاک، کۆمەڵگاش وەک کۆ بەرژەوەندیەکانمان لە کوێی بەرنامەکانی ئەواندایە.

گەڕان بە دووای چارەسەرێکدا کە بگونجێت بۆ ئەم دۆزە شوومەی ئێستا کە تێکەوتووین، لە ڕوانگەی منەوە مەرجیش نیە چارەسەرەکە هەردەبێت وابێت، بۆ دەرئەنجامی چارەسەرە ئاڵتونیەکەش تەنها و تەنها.

**1- پارێزگاری لە یەک ڕیزی و تەبایی.**

ئیمڕۆ کۆمەڵگای کورد و کەسایەتیەکانمان لە هەرشوێنێکی گۆی ئەم زەویەدا بژی، لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستی بە یەک ڕیزی و تەبایی هەیە، چونکە هەموو قوربانیەکان و

له دەست دانی هەلە ئاڵتونیەکان و شکۆی ووڵات کە شکێندراوە، ناتەبایی و پیسی ناوخۆمان بوو، ئەمە ئەو ڕاستیەیە و دەبێت دەرکی پێبەکەین یان دەبێت دان بەو ڕاستیەدا بهێنین کە هەیە، چەوتترین و زەلیل ترین کۆمەڵگای ئەم هەسارەیە ئێستا ئێمەین یان دەبێت بۆ هەمیشە درۆ لە گەڵ خۆماندا بکەین، یان بۆ هەمیشە دەوریی فس فس پاڵەوانی خۆهەڵکێش و گومڕا ببینین، چونکە خوێندنەوەمان بۆ پێشهاتەکان لاوازەو و کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو شکنابەین، بۆیە کورت و شیرین، ئەگەر پارێزگاری لە یەک ڕیزی و تەبایی نەکەین، کارەسات دووای کارەسات بە باڵای کوردبونماندا دەپۆشرێت و دەبێت هەمیشە بگەڕێینەوە بۆ خاڵی سفر، کەواتە یەک ڕیزی کلیلی تەبایی و پێکەوە گونجاندنی پرۆسەی ژیانە، ئەو تەبایەش دەبێت لە قوڵای دڵ و بەهرەی ڕۆشنبیریەوە سەرچاوە بگرێت.

### 2- دورکەوتنەوە لە ناکۆکی

هەموو پارت و ڕێکخراوێک ناکۆکی ڕیشەیی و لاوەکیان هەیە، بەڵام بۆ داخوازیە نیشتمانیەکان هەمیشە لە یەک سەنگەر و لەیەک بەرەدا کۆبوونەتەوە، هەموو ناکۆکیەک لە نێو باڵو و ڕێکخراوەکاندا هەمیشە لەسەر ئەوەیە کە کێ کاری باشتر و چاکتر خزمەت بە کۆمەڵگا یان بە ووڵات بکات، نەک پاشقول لێدانی هاوڕێی هاوخەباتت بۆ بەرژەوەندی تاکە کەسی، گرنگ نیە لەو کێشمە کێشی ئینتمای نیشتمانیەدا ووڵات سوتماکیش بکرێت، گرنگ ئەوەیە سواری خۆم نەگلێ، هیچ پلان و نەخشەیەک سەرکەوتنە ڕیشەیەکەی بە ئەنجام ناگات ئەگەر دورنەکەوینەوە لە ناکۆکی، هەمیشەش چینێک لە چینەکان بونەتە قوربانی، ئێمە ناتوانین لەو تەنگژیە دەرچین ئەگەر زۆر ژیر و کارەکتەر نەبین، چونکە ماسی بچوک هەمیشە پاروی ماسی

گەورەیە، بۆ ئەم فاکتەری بناغەی شێوازە، ئێمە پێویستیمان بە دروستکردنی پرۆسەی ئەدمسفیری ستافی سیاسی هەیە، کە شارەزا و پسپۆڕبن لە کارەکەی خۆیاندا، نەک ستافی سیاسی تەعینکراو بن، بەس بۆ گوێگرتن و بۆ پڕکردنەوەی پۆستەکان جێگا و ناویان هەبێت، بۆیە یەک ڕیزی و تەبایی کلیلی هەموو سەرکەوتنێکە بۆ هەر دەرد و بەڵایەک کە ڕووبەڕومان دەبێتەوە، ئەویش بە بنبڕکردنی ناکۆکیە لاوەکیەکان بۆ دەرئەنجامی بەرژەوەندی شکۆی باڵای ووڵات، ئەمە ئەو بژاردەیە و بژاردەی تری نیە.

### 3 - پرۆسەی دروستکردنی بڕیاردانی سیاسی . (یان پلان)

پرۆسەی دروستکردنی بڕیاردانی سیاسی یان پلانی سیاسی، دەبێت هەموو شێوازی کارەکان بە پلان و لێك تێگەیشتن بێت و خوێندنەوەی تەوامان هەبێت بۆ هەر تەوەرێک کە پێویستیمان پێیەتی بۆ کارەکە، ڕەچاوکردنی هەموو خاڵە گرنگەکان و کۆکردنەوەی تەواوی زانیاریەکان کە ڕێگا خۆشکەر دەبێت بۆ پرۆژەی دروستکردنەکە بۆ ئامانج یان گۆڵەکە بۆ هەر مەبەستێکی درەکی و ناوەکی بێت، کە بەرژەوەندی ووڵات بپارێزێت، من نازانم لە کوردستانی باشوردا بنکەی توێژینەوەی بڕیاردانی سیاسی یان سەربازی هەیە یان نیە؟، ئەگەر هەبوو دەبێت بەم شێوازە یان هەر شێوازێک کە سیاسەتی سەردەم و بەرژەوەندیە نوێیەکانمان بۆمان دەست نیشان دەکات و بە هەماهەنگیەکتی باشتر تاوتوێ یان شەن و کەوی بۆ بکرێت.

ئەو پرۆسەیەش بەم بازنەیەدا دەگوزەرێت، من بۆ ئەم کوردتە باسە، کەمێک بە کورتی پێناسەی دەکەم، بە هیوای ئەگەر ڕۆژێک پێویستی کرد ئامادەم زیاتر ڕوونکردنەوە و هەڵسەنگاندن بۆ شێوازی باسەکە و نهێنیەکانی بۆ تەوەرە سەرەکیەکەی شیبکەمەوە.




بۆ دروستکردنی هەر پرۆسەیەک ئەگەر خوێندنەوەی تەواوت نەبێت بۆ هەموو ئەگەر و پێشهاتەکان تکایە خۆتی لێمەدە چونکە، سیاسەت سیاسەتڤانی دەویت، سیاسەت زانستە، هونەرە، ماتماتیکە، مێژووناسیە، زانستی هەڵسەنگاندنی باری ئابووری بوجەی وولاتە، زانستی سایکایاڵۆجیە، پێناسەی تیۆری خوێندنەوەی بەرامبەرەکەتە، چەمکی دۆسیەی ناوەکی و دەرکیە، شێوازی بەکارهێنانی درۆی سپیە بۆ بەرژەوەندیە باڵاکانی وولات، لە خاچ دانی کێرڤی ئاینیە بۆ باڵای شکۆی وولات، لە سیاسەتدا قەت خۆت بە کەم نەزانیت لە بەرامبەر نەیار و دوژمنەکانتدا، ئەگینا دەبیتە پاروی بچوک و بە ئاسانی ئاودیو دەبیت (ئەمە کورتە باسێکە لە پرۆسەی دروستکردنی پلانی سیاسی بۆ

پرۆسەی دروستکردنی پلانەکەش دەبێت تەواوی ئامانجە سەرەکیەکەیە بپێکێت بۆ.......).

**4 - نەخشە ڕێگای کارکردن بۆ سەرکەوتن.** ( ئەمەیان کرۆکی باسەکەیە)

هەموو کارێک لە دەرئەنجامی پرۆسەی نەخشەیەک یان ئەجندەیەک دێتە بەرباس و گۆ، دەبێت تەواوی شیکردنەوە و بەرپرسیاریەتیەکانی بۆ هەموو بەشەکان لە خۆ بگرێت بۆ ئەوەی هیچ هەڵە و بۆشاییەک بە جێ نەمێنێت و نەبێتە کۆسپ و بەربەست بۆ دروستکردنی ئەو سیناریۆیەی کە ئامانجی پرۆسەکەی لەسەر دروست دەکرێت، نەخشە ڕێگا واتە چەکی شاراوەی کاریگەری دوژمن شکێن بۆ هەڵخەڵەتاندن، فووتێکردن، چەواشەکردن، بەکارهێنان، هۆنینەوەی دروستکردنی درۆی سپی و... هتد، نەخشە ریگا چەندین ڕێگا و پرۆسەی تایبەتی تایبەتمەندی خۆی هەیە کە بەرژەوەندیە باڵاکان لە خۆ بگرێت و نهێنی پۆشبێت، بە کەم ترین زیانی زانیاری لەسەر خۆت و بە زۆرترین زانیاری لەسەر دوژمنت بپێکیت، ئینجا وەک یاری مار و پەیژە (وار گێم) ی بۆ دروست دەکرێت، بۆ پێناسەی نەخشە ڕێگا پێویستی بە ڕەچاوکردنی لایەنە سوودمەندیەکەی کە بگونجێت بۆ بەژەوەندیە باڵاکانی وولات بە کەمترین زیان و بە زۆرترین سوود بۆ خۆمان و بە زۆرترین زیان و تێکشکاندن بۆ دوژمن.

**" ئەگەر تۆ دوژمنت ناسی، ئەوە خۆشت دەناسی " پێویست بە ترس ناکات بۆ ئەنجامیدانی سەد جەنگی تریش.**

سون تزو خەڵکی چین، گەورەترین سەرکردەی سوپای جیهانی 500 ساڵ پێش زاین.

پەڕتوکی هونەری جەنگ




ئێستاش بنکەی تۆژینەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و پەنتەگان و ناتۆش بۆ دروستکردنی پلان دانان و تاکتیکی جەنگ سود لە بیرۆکە و بنەمای تیۆری سون تزو وەردەگرن، کەچی سوپا سالارەکانی خەڵکی وولاتانی خاوەرمیانە بە تایبەتی عەرەبەکان گاڵتە بە بیر و هزری کەسانی پڕ لە ئەزمونی تاکتیکی هونەری جەنگ دەکەن، پەرتوکێک هەیە بە ناوی عەرەب بۆ چی هەموو جەنگێک دەدۆڕێنێت، بۆ بەدبەختی کەچی کوردی باشووریش جەنگ بە عەرەب دەدۆڕێنێت، بۆیە ئەم باسەم هێنایە بەر باس کە کۆمەڵگای ئێمە بە سیاسەتی نەزانین و نامۆبوون بە هونەری جەنگ، هەم جەنگ و هەم سیاسەتیشمان دۆڕاندووە، ئەم هەویرە ئاو زۆر دەکێشێت، بە هیوای ئەوەی خوێنەری کورد لە هەر پێنچ ووتارەکەم (کورد لە بەردەم هاژەی دەریادا) سوودی لەم نوسینەی بەندە وەرگرتبێت، چونکە بۆ ئەم دۆزە  ئەگەر هوشیارتر نەبین بمانەوێت و

نەمانەوێت کورد زیاتر ڕووبەڕووی مەترسی و دارمان و پێشهاتی نێگەتیڤی تر دەبێتەوە و هەموو کارتەکانی لە ئێستا زیاتر دەسوتێن. ئەوەی گرنگە تەنها و تەنها تەبای نێو ماڵی کوردە، کە هەناسەیەکی تری بەبەردا بکرێتەوە و تا بۆشمان بکرێت ڕێز لە یەکتر بگرین چونکە ئێمە هەموو بە یەکەوە جوانین.

من ئێستاش زۆر گەشبینم هەروەک ئاماژەم پێداوە، ڕاستە چراکە کزبووە بەڵام جارێ ماویەتی بکوژێتەوە، ئەگەر لێبوردەیی و تەبایی و ژیری بزانین کە چۆن بە باڵای بەرژەوەندی خۆمان و دۆستانی پێ ئەزمون بکەین، کە هەر وەک لە ووتارەکانی پێشومدا باسم کردووە کە تەنها چارەی کلیلی ڕاستەقینەیە بۆ تێکشکانی قفڵی داخراوی لە مەچەکی کوردا، کە سەد ساڵە پێوەی دەناڵێنێت و هیچ وانەیەکیش لە هەڵەی ڕابوردومان فێرنەبوین، بۆ ئێستا زەرەر لە نیوەش بگەڕێتەوە خراپ نیە، ئەمە گونجاندنی هاوڕێژەیی سیاسەتە کە بەرژەوەندیەکان وا دەخوازن. ئەمە کورتەیەک بوو لە دەریای قوڵی سیاسەت و تۆش زرنگبەو مەهێڵە شەپۆلی ئەهریمەنەکان ڕاپێچی بنی دەریات بکەن، چونکە ئێوە مەلەوانێکی پێرفێکت نین و هەندێک لە ئێوە بە گەورەیی فێری پڵاو خواردن بووە.

من هیچم ناوێت تەنها و تەنها سەربەرزی گەلەکەم نەبێت، ڕەنگبێت ئەم بابەتەم درێژەی هەبێت، کاتێکی شاد بۆ گشت کورد و بە هیوای ڕۆژێک لە ڕۆژان کوردیش فێری سیاسەتی سەرمێز و ژێرمێز ببێت و خاوەن سوپایەکی دسپلین بێتە بەرهەم، کۆمەڵگای هوشیاریش کۆمەڵگای پڕ لە تەندروست دێنێتەبەر و کۆمەڵگای پڕ لە تەندروستیش سیاسەتڤانی کارێزما دێنێتە بەر، هەروەک جۆرج واشنتن لە ئەمریکا و گاندی لە هیندستان و ماندێلاش لە باشوری ئەفریکا.

بۆ گەڕانەوە بۆ سەرەتا، کلیک بکەرە سەر